# ئایا خوداوەند سزای یونسی پێغەمبەری دا بە هۆی یاخیبوونەکەی؟

نووسەر: ئەلیاس توێژەر

کاتی بلاوکردنەوە: مانگی دوازدە، ٢٠٢٤

توێژینەوەی ئینجیلی

## ئایا خوداوەند سزای یونسی پێغەمبەری دا بە هۆی یاخیبوونەکەی؟

پەڕتووکی یونس (لە پەیمانی کۆندا) چیرۆکێکی زۆر سەرنج ڕاکێشی تێدایە. یونس پێغەمبەرێکی یەهوا (واتا یەزدان) بوو، بەڵام ئیش و کارەکەی وەك هەڵسوکەوتی پێغەمبەرێکی گوێڕایەڵ نەبوو.[1] بە پێچەوانەوە یونس پشتی لە خودا کرد و بە ڕێگای خۆی چوو. بەم شێوەیە یونس دژەپێغەمبەرێك بوو.[2] لە (یونس ١:٢) خوداوەند فەرمانێکی زۆر سادە بە یونس دەدات: [هەستە بڕۆ بۆ شاری مەزنی نەینەوا و تێیدا بانگەواز بکە، چونکە خراپەکانیان بەرز بووەتەوە بۆ بەردەمم].[3] بەڵام یونس ئەم فەرمانە جێبەجێ ناکات، بەڵکو بەرەو شارێکی دیکە (تەرشیش) هەڵ دێت. هۆکاری ئەم بڕیارە یاخیگەرە چی بوو؟ یونس ترسا؟ دڵنیا نەبوو کە ئەو دەنگە هی خودایە؟ یونس بیری ئەم شتانە نەدەکرد. لەبەر هۆکارێکی دیکە هەڵات.

دواتر لە چیرۆکەکەدا یونس هۆکاری یاخیبوونەکەی ئاشکرا دەکات (٤:٢). بە یەزدان دەڵێت: [لەبەر ئەوە هەوڵی هەڵاتنم دا بۆ تەرشیش، چونکە زانیم تۆ خودایەکی میهرەبانیت و بە بەزەییت، پشوودرێژیت و خۆشەویستییە نەگۆڕەکەت زۆرە، لە خراپەهێنان بەسەر خەڵکی پاشگەز دەبیتەوە]. دیارە کە دڵی یونس پڕ بە ترسی نەبوو، بەڵکو پڕ بوو بە رق و کینە. پێی ناخۆش بوو ئاگاداری نەینەوا بکات لەبەر ئەوەی دەزانێت کە یەزدان میهرەبانە لەگەڵ ئەوانەی کە تۆبە دەکەن.[4] یونس حەزی لەوە بوو کە نەینەوا وێران بکرێت، نەك ڕزگار بێت. لە سەردەمی یونس (نیوەی یەکەمی سەدەی هەشتەمی پ. ز.) ئیمپراتۆریەتی ئاشور گەورەترین دوژمنی ئیسرائیل بوو.[5] با گوێ لە وشەکانی ناحومی پێغەمبەر بگرە سەبارەت بە وێرانبوونی ئاشور (سەدەی حەوتەم پ. ز.):

> ئەی شاری خوێن، قوڕبەسەرت،
> سەراپای درۆیە، پڕ لە تاڵانە، نێچیری لێ نابڕێت!
> ...
> هەموو ئەوانەی هەواڵی تۆ دەبیستن لە خۆشیدا چەپڵە لێ دەدەن،
> چونکە کێ نەیچێشتووە خراپەی بەردەوامی تۆ؟ (ناحوم ٣:١، ١٩)

---

[1] بە گوێرەی دووەم پاشایان ١٤:٢٥، پێغەمبەرێك هەبوو لە سەردەمی دووەم یارۆڤعام پاشای ئیسرائیل بە ناوی یونس کوڕی ئەمیتەی. بەڵام ئەگەری زۆرە کە نووسینی پەڕتووکی یونس زۆر لە دوای ژیانی یونس نوسرا. ناشزانین ئەگەر نووسەری ئەم پەڕتووکە هەر ناوی یونسی بەکار هێنا بۆ چیرۆکێکی خەیاڵی (وەك چیرۆکە نموونەییەکانی عیسا) یاخود نووسینێکی هەبوو سەبارەت بە ژیانی یونس و بە پێی ئەم نووسینە چیرۆکی نووسی.

[2] Annette Schellenberg, "An Anti-Prophet among the Prophets? On the Relationship of Jonah to Prophecy," *Journal for the Study of the Old Testament* 39, no. 3 (March 1, 2015): 354-357.

[3] هەموو بەشە نووسراوەکانی کتێبی پیرۆز لەم نووسینەدا هێنراون لە وەشانی (کوردی سۆرانی ستاندەر).

[4] Leslie C. Allen, *The Books of Joel, Obadiah, Jonah, and Micah*, 2nd edition (Grand Rapids, Mich.: Eerdmans, 1976), 227.

[5] Phillip Cary, *Jonah* (Grand Rapids: Brazos Press, 2008), 37-38.

دیارە کە یونس زۆر هۆکاری هەبوو ڕق لە ئاشورییەکان بێت. بەڵام بە گوێرەی کتێبی پیرۆز، یەزدان بە تەمایە هەموو نەتەوەکانی جیهان بهێنێتە ناو گەلی خۆی (بڕوانە پەیدابوون ۳:١٢ ؛ ئیشایا ٥٦:٣-٨ ؛ مەتا ١٩:٢٨ ؛ ئاشکراکردن ٩:٥-١٠). نابێت پێغەمبەرێك یان خزمەتکارێکی یەهوا بڵێت [ڕازی نیم ئەم نەتەوەیە ڕزگار بێت] هەر چەندە ئەگەر دوژمنی خۆی بێت. خوداوەند دەتوانێت هەر کەسێك و هەر نەتەوەیەك ڕزگار بکات بە ویستی خۆی. بۆیە ئەو جارە کە یونس هەڵات، وشەی خودای پشتگوێ خست و پێغەمبەرایەتی خۆی سوك کرد. بۆ ئەم تاوانە خوداوەند سزای یونسی دا؟ با باسی ئەم پرسیارە بکەین.

نووسەری چیرۆکی یونس بە شێوەیەکی زۆر تایبەت وەسفی ڕێگای هەڵاتنی یونس دەکات. چوار جار نووسەرەکە وشەی (دابەزین) بەکار دەهێنێت تاکو پێمان بڵێت کە یونس بەرەو خوارەوە هەڵ دێت: (١) بۆ شاری یافا؛ (٢) بۆ ناو کەشتییەکە؛ (٣) بۆ نهۆمی خوارەوەی کەشتییەکە؛ (٤) بۆ بنی دەریا.[6] بەم شێوەیە نووسەرەکە فێرمان دەکات کە ڕێگای یاخیبوون دەچێتە خوارەوە، تەنانەت بۆ ناو [سکی جیهانی مردووان] (٢:٢).[7] جاری یەکەم هەتا جاری سێیەم کە یونس چووە خوارەوە زۆر ڕوون و ئاشکرایە کە بڕیاری خۆی بوو. ویستی خۆی بوو بچێتە ناو کەشتیەك لە یافا تاکو هەڵ بێت لە فەرمانی یەزدان. بەڵام چوارەم جار – کە یونس فڕێ دەدرێتە ناو دەریا (١:١٥) – وا پێ دەچێت کە ویستی خۆی نەبێت. ئایا فڕێدانی یونس بۆ ناو دەریا سزایەك بوو یان بڕیاری یونس بوو؟ بە ناچاری یان بە ئازادی چووە ناو دەریا؟ با بیر بکەینەوە لەسەر ئەم پرسیارە.

خوداوەند ڕازی نەبوو بە پیلانی یاخیبوونی یونس. کاتێك پێغەمبەرەکە دەچووە تەرشیش بە ڕێگای دەریا، خوداوەند ڕەشەبایەکی بەهێزی نارد بۆ لای کەشتییەکەی (١:٤). بەم شێوەیە خودا کۆسپی دا نا بۆ ڕاگرتنی یونس. لەبەر ئەم ڕەشەبایە کەشتیوانەکان زۆر ترسان لەبەر ئەوەی خەریك بوون بمرن (١:٤-٥). کاتێك لێپرسینەوەیان کرد لەگەڵ یونسی پێغەمبەر، بۆیان دەر کەوت کە مەترسییەکی گەورەیان لەسەر بوو، چونکە ڕەشەباکە بەهۆی گوناهی یونسەوە نێردراو بوو (١:٧-١٠). لە کۆتاییدا کەشتیوانەکان لە یوسنیان پرسی [چیت لێ بکەین بۆ ئەوەی دەریاکە هێمن بێتەوە؟] (١:١١). ئێمە کە چیرۆکەکە دەخوێنین دەزانین چارەسەرەکە چییە بۆ ئەم ڕەشەبایە. وستی خودا زۆر ڕوون بوو لە ئایەتی ١:٢ – دەبوایە یونس بگەڕێتەوە بۆ یافا تاکو بڕواتە نەینەوا. بەڵام یونس وای نەگوت، بەڵکو بەم شێوەیە وەڵامی دانەوە: [بمبەن و فڕێمبدەنە ناو دەریاکەوە، ئیتر دەریاکەتان لێ هێمن دەبێتەوە، چونکە من دەزانم بەهۆی منەوەیە ئەم ڕەشەبا مەزنەتان لەسەرە] (١:١٢).

---

[6] یونس ١:٣ (دوو جار)؛ ١:٥؛ ٢:٦. وشەی (دابەزین) لە زمانی عیبری ئەوەیە (ירד – یاراد).
[7] Allen, *The Books of Joel, Obadiah, Jonah, and Micah*, 215.

لەبەر چ هۆکارێك یونس ئەم چارەسەرە خراپەی پێشکەش کرد؟ خوداوەند ویستی هەبوو یونس بمرێت؟ نەخێر. بە پێچەوانەوە یەهوا دەیویست یونس بژی تاکو بتوانێت بچێتە نەینەوا.[8] فڕێدانی یونس بۆ ناو دەریا بیرۆکەی یونس بوو، نەك خودا. تەنانەت کەشتیوانەکان نەیاندەویست یونس بکوژن (١:١٣). بۆ چی یونس ویستی هەبوو بمرێت؟ لەبەر ئەوەی دڵەکەی پڕ بوو بە ڕق و کینە. لەدەستدانی ژیانی خۆی پێ خۆش تر بوو لە ئاشورییەکان دەرفەتێکیان هەبێت تۆبە بکەن و ڕزگار بن. بەم شێوەیە فڕێدانی یونس بۆ ناو دەریا سزایەك نەبوو لە خودا، بەڵکو بڕیاری یونس بوو. دیسانەوە یونس لە خودا یاخی بوو.

کاتێك یونس کەوتە ناو دەریا، ڕەشەباکە هێمن بووەوە، بەڵام یونس نوقم بوو بۆ بنی دەریا (١:١٥؛ ٢:٦). ئەمە کۆتا جار کە یونس دابەزی لەم جیرۆکە. بە گوێرەی هۆنراوەی یونسەوە (٢:٢-٩)، کاتێك یونس گەیشتە خوارترین شوێن (واتا بنی دەریا)، پەشیمان بووەوە لە بڕیاری خۆی و بە ڕێگای نوێژەوە هاواری بۆ یەزدان کرد. یەزدانیش دڵسۆز بوو بۆ یونس و بە ناردنی ماسییەکی گەورە وەڵامی نوێژەکەی دایەوە (١:١٧).

هەندێك کەس کە ئەم چیرۆکەیە دەخوێننەوە، بیریان وایە کە ئەم ماسییە نێردرا بوو بۆ سزادانی یونس. بەڵام لە ڕاستیدا ماسییەکە ئامرازێکی ڕزگارکردن بوو. ئەگەر ماسییەکە یونسی قووت نەدابایە، یونس دەخنکا (بڕوانە ٢:٦). دوبارە دەبینین کە خوداوەند سزای یونسی نەدا، بەڵکو ڕزگاری کرد و پەروەردەی کرد. ڕەشەباکە کۆسپی یونس بوو. فڕێدانی یونس بۆ ناو دەریا بڕیاری یونس بوو. ماسییە گەورەکەش ڕزگارکەری یونس بوو. سێ ڕۆژ دوای ڕزگاربوونی یونس، [یەزدان فەرمانی بە ماسییەکە دا، ئەویش ڕشایەوە و یونسی فڕێدایە سەر وشکانی] (٢:١٠). لە کۆتاییدا یونس تۆبەی کرد و ڕووی کرد بۆ نەینەوا (٣:٣). بەڵام لە ڕاستیدا تۆبەکردنی یونس تەواو نەبوو. تۆبەی کرد لە یاخیبوونەکەی، بەڵام لە بەشی چوار دەبینین کە یونس تۆبەی نەکردبوو لە ڕق و کینەکەی.

لە کۆتایی ئەم چیرۆکەدا دەبینین کە دڵی یونس نەگۆڕا لە ڕووی ئاشورییەکان. کاتێك ئەوان تۆبەیان کرد و ڕزگار بوون (هەر وەك یونس ڕزگار بوو)، یونس تووڕە بوو بەهۆی میهرەبانی خودا (٣:١٠-٤:١). ئەوەندە تووڕە بوو کە گووتی [ ئێستاش ئەی یەزدان، گیانم لێ بستێنە، چونکە مردنم باشترە لە ژیانم] (٤:٣). هەر وەك ئەو جارە کە یونس لە ناو ڕەشەبا بوو لەگەڵ کەشتیوانەکان، پێی خۆشتر بوو بمرێت لە خەلکی نەینەوا ڕزگار بن. وەڵامی یەزدان بۆ یونس ئەوە ئاشکرا دەکات کە تووڕەیی یونس بێ سوود بوو: [ئایا کارێکی باشە تووڕە بیت؟] (٤:٤).

---

[8] Allen, *The Books of Joel, Obadiah, Jonah, and Micah*, 211.

لێرە بۆمان دەر دەکەوێت کە ئەم چیرۆکە سەبارەت بە گوناهی ئاشورییەکان نیە. هەموو خوێنەرەکانی ئەم پەڕتووکە دەیانزانی کە ئێمپڕاتۆریەتی ئاشور زۆر گوناه و خراپەی کردبوو. لە ڕاستیدا ئەم چیرۆکە تیشك دەخاتە سەر گوناهێکی تایبەت کە هەندێك لە ئیسرائێلییەکان (وەك یونس) لەناو دڵی خۆیاندا هەیانبوو. بە دڵنیاییەوە ئێمەش هەندێك جار ئەم گوناهە دەکەین. گوناهەکە چییە؟ ڕق و کینە لە دوژمن. هەر وەك یونس، ئێمە دەزانین کە ویستی خودامان ئەوەیە کە هەموو کەسێك ڕزگار بێت.[9] بەڵام هەندێك جار ویستی ئێمە ئاوا نیە، بەڵکو هیوا دارین کە دوژمنەکانمان سزا بدرێن. لەو کاتانە کە بیری ئێمە وایە، دەبێت بە بیرمان بهێنینەوە کە ئێمەش ڕزگار بووین لە گوناه و خراپەی خۆمان.

ئەمە گەورەترین هەڵەی یونس بوو کە بیری وا بوو کە بە خۆی شایەنی ڕزگاری خودا بوو بەڵام دوژمنەکانی شایەن نەبوون. بە ڕاستی یەکەم جار کە یونس یاخی بوو، خودا مافی ئەوەی هەبوو سزای بدات. بەڵام هەر وەك بینیمان، خودا سزای یونسی نەدات بۆ نەفامی و ڕەگەزپەرستییەکەی، بەڵکو بە چەند شێوەیەك هەوڵی دەدا ڕێگای یونس ڕاست بکاتەوە. هەر جارێك کە یونس کارێکی یاخیگەری کرد، یەزدان بانگی کردەوە بۆ سەر ڕێگای ڕاستودروستی.

لە ژیانی ئێمەش خوداوەند ڕاستمان دەکاتەوە کاتێك ئێمە لا دەدەین لە ڕێگاکەی. لێمان دەپرسێت، [ئایا چی باشترە، ڕقی خۆت یان خۆشەویستی من؟]. ئەگەر دڵڕەق بین و تۆبە نەکەین، یەزدان کۆسپمان بۆ دروست دەکات تاکو بەردەوام نەبین لە ڕێگای گوناه. دەبێت سوپاسی خودا بکەین کە لەم کاتانە ڕامان دەگرێت. با داوا لە خودا بکەین کە ئێمە ئاگاداری ئەم کۆسپانە بین و زوو تۆبە بکەین – پێشەوەی بگەینە بنی دەریا و جیهانی مردووان! پێویستمان بە ڕۆحی پیرۆزە تاکو گوێڕایەڵ بین لە وشەکانی پەروەردگارمان کە ووتی:

> بیستووتانە گوتراوە: (نزیکەکەت خۆشبوێت، ڕقت لە دوژمنت بێتەوە)، بەڵام من پێتان دەڵێم: دوژمنەکانتان خۆشبوێ، نوێژ بکەن بۆ ئەوانەی دەتانچەوسێننەوە، تاکو ببنە ڕۆڵەی ئەو باوکەتان کە لە ئاسمانە، ئەو خۆری خۆی بەسەر چاك و خراپدا هەڵدێنێت و باران بەسەر پیاوچاك و زۆرداریشدا دەبارێنێت. (مەتا ٥:٤٣-٤٥)

---

[9] بڕوانە دووەم پەترۆس ٣:٩.

## سەرچاوەکانی توێژینەوەکردن

Allen, Leslie C. *The Books of Joel, Obadiah, Jonah, and Micah*. 2nd ed. Grand Rapids, MI: Eerdmans, 1976.

Cary, Phillip. *Jonah*. Grand Rapids, MI: Brazos Press, 2008.

Schellenberg, Annette. "An Anti-Prophet among the Prophets? On the Relationship of Jonah to Prophecy." *Journal for the Study of the Old Testament* 39, no. 3 (March 1, 2015): 353–71.